www.kurdistannet.org

# ڤانکۆڤەریش ڕق و نەفرەت ئەبارێنێ

ڤانکۆڤەر،ئەو شارەی کە بەردەوام عادەتی بە باران کردووە،ئەمڕۆش خەریکی چڕینی گۆرانی یەکی خەمبارە لە چواردەمین ساڵیادی کارەساتی جینۆسایدی هەڵەبجە و ئەنفال .

ڕۆژ...هەینی 15-03-2002

کات...1 ی پاش نیوەڕۆیە

شوێن..بەردەم قونسلێەی دانیمارکە لە(down town)

بەڵێ،لە ژێر خوڕەی ئەو بارانەدا کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال و ژمارەیەك لە کوردی ئەو شارە،خەریکی نمایشکردنی ڕق و نەفرەت و بێزاری بوون لە جینۆساید و بە کۆمەڵ کوژی و کردەوە دژی ئینسانی یەکانی ڕژێمی بەعس .

*خۆ پیشاندانەکە لە سەعات 1 دەستی پێ کرد، بە نیشاندانی دەیان پۆستەر و وێنە وپلارکاردی جۆراو جۆر کە تەعبیر بوون لە ناوەڕۆکی کارەساتی جینۆساید.

*بڵاو کردنەوە و خوێندنەوەی بانگەوازی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بۆ ڕای گشتی لە مەڕ جینۆسایدی گەلی کورد بە زمانی ئینگلیزی.

خوێندنەوەی یاداشنامەی کەمپین بە زمانی ئینگلیزی سەبارەت بە دادگایی کردنی تاوانبار (نەزار خەزرەجی) هەروەها ژمارەیەکی زۆر ئیمزا کۆکرایەوە بۆ دادگایی کردنی تاوانبار نەزار.

لە درێژەی نمایشەکە ئەم شیعارانە بە دەنگی بەرز بە زمانی ئینگلیزی دەوتران

*نا بۆ جینۆساید

*بڕوخێ ڕژێمی عێراق

*بژی ئازادی

*دادگایی کردنی تاوانبار (نەزار خەزرەجی)

پاشان نوێنەرانی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بەڕێزان(دارا عەلی و کاوە)چوونە قونسلێیەی دانیمارك(وئیمزاکان و دوو یاداشتنامە بۆ وەزارەتی دادی دانیمارك و بۆ سەرۆك وەزیرانی دانیمارك ) سەبارەت بە دادگایی کردنی تاوانبار (نەزار خەزرەجی)دا بە (Kirsten Stomgren)ی بەر پرس لە قوسلێەی دانیمارك لە ڤانکۆڤەر و ئەویش بەڵێنی دا کە پۆستی بکات بۆ دانیمارك.

www.kurdistannet.org

نمایشەکە سەعات 30-2 بە سوپاسنامەی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال سەربەرزانە کۆتایی هات

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ).............................................................

15-03-2002.........................................................

ڤانکوڤەر/کەنەدا.........................................................